


# بەر لەوەی خۆی بکوژێ رزگار کرا

**بەدڵ خۆشیدەویستم بەڵام دواتر هەستم کرد ڕەفتاری لەگەڵم گۆڕا وردەوردەش خراپتر دەبوو**

ئێوارەیەکی درەنگ وەخت بوو کە هەموو خێزانەکە لە هۆڵەکە دانیشـــتبوون لەگەڵ دەنگـــی تەپەکی گـــەورەی ژوورەکەی ئەودیویـــان، ئاوڕیان دایەوە. هەر یەکە و لەویتری پرســـی ئەو دەنگە چی بـــوو.. دەنگەکە وەکو کەوتنە خـــوارەوەی تەنێکی گەورە بوو، کە یەکڕاســـت لە شوێنێکی بەرز بکەوێتە خوارەوە. هەموویان هەستان و نزیکی ئەو ژوورەبوونەوە کە دەنگەکەی لێوە بەرزبـــۆوە، کە دەرگایان کردەوە دەبینن (ئاواز) پەتێکی لەملە و هەردوو دەستیشـــی کەوتۆتە نێوان ملی و پەتەکە و پێیەکیشی لەســـەر کورسییەکەی ژێرییەتی، چاوەکانی سپی هەڵگەڕاون و دەموچاویشی شـــین و مۆر هەڵگەڕاوە و دەنگی خنەخنێك لە گەرووی دێتە دەر و لەگەڵ سوڕانی کەمی پەتەکە ئەویش کە دەستی پێوەگرتووە وەردە وردە دەسوڕێ. (عەبد)ی برا گەورەی هەر زوو پڕی دایێ و بڵندی کرد بۆ ئەوەی قورســـایی لەشی لەسەر ملی نەمێنێ، باوکیشـــی بەسەر کورسییەکی تر کەوت کە لەو ناوە کەوتبوو، پەتەکەی ملی شل کرد و ئینجا کردیەوە، بە دوان هەڵیانگرتوو هێنایانە خوارەوە، بەڵام ئەو نیمچە بێهۆش بوو، توانای قســـەکردنی نەبوو. ئەوەبوو بە پەلە، وەك بروسکە گەیاندیانە نەخۆشـــخانە، دایك و باوك و عەبد، هەرســـێکیان سەریان سوڕمابوو..

### ژیانێکی تاڵ

کە گەیاندیانە نەخۆشـــخانە یەکسەر بە پزیشکەکەیان گوت کە چۆن و بۆچی هێناویانە. پزیشـــکەکەش تێگەیشت کە ئەوە هەوڵی خۆکوشتنە، بەڵام بە ڕێکەوت کەسوکاری پێیڕاگەیشتوون و نەیانهێشتووە کارەکە تەواو بکات. ئیتر بانگی کرد ئۆکسجین



بێنن و چاودێری پزیشـــکی بکرێت. بۆ ڕۆژی دواتر وردە وردە تەندروســـتییەکەی بەرەو باشـــی دەڕۆیی و وایلێهات دەیتوانی بە ئاسانی قســـە بکات و ئەوەی لێشی ڕوویداوە بیگێڕێتەوە.. (عەبد) کە تا ئەو کاتەش هەر لەلای سەرییەوە بوو، لە (ئاواز)ی خوشکی پرسی کە ڕاستی ڕووداوەکەی بۆ باس بکات و بۆچی هەوڵی داوە خۆی بکوژێت. (ئاواز) هەر هێندەی گوت لە ڕقی (شـــاخەوان)ی مێردم بوو. دەمویست لە دەست ئەو ژیانە تاڵەی کە بۆی دروست کردووم، ڕزگارم بێت، هەناوی خواردم، ڕۆژێك ژەمەنانێکم بێ پرتە پرت و بۆڵە نەبردۆتە سەر. ئێوە نازانن من لـــە چ ژیانێکدابووم چونکە حەزم نەدەکرد، ســـەرودڵی ئێوەش بیەشـــێنم و ئێوەش تووشی گرفتی خۆم بکەم، خۆم کڕکردبوو، بەڵکو شاخەوان باشتر دەبێت و، وەکو جارانی لێدێتەوە..

(ئاواز) چاوی پڕ فرمێسك بوون و دواجار گوتی کاکە ژیانم تاڵ بوو تاڵ. ئیتر چیتر قســـەی پـــێ نەگێردرایەوە. (عەبد) دەستی بەســـەر خوشکە تاقانەکەی داهێنا و دڵنیای کردەوە کە خەمێك لەو کێشـــەیەی دەخۆن و کۆتایی بەو گرفتەی دێنن، ئەگەر ئەو حەز بکات و ویســـتی ئەوە بێت. پاشـــان لێکۆڵەری دادی بنکەی پۆلیسی نەخۆشـــخانەکە، دوای ئەوەی هەواڵی حاڵەتێکی خۆکوشتنی پێدرابوو، هات بۆ ئەوەی ئەو نەخۆشەی کە هەوڵی خۆکوشتنی داوە ببینێ و لە خۆی و کەسوکارەکەشی بگەیەنێ کە دوای وەرگرتنی ڕێنمایی پزیشـــکی و ڕێپێدانیان بیهێنـــن بۆ ژوورەکـــەی. پاش چەند خولەکێـــك (ئاواز) چووە بەردەم لێکۆڵەرەکەی دادی و ئەویش لێی پرسی بۆچی هەوڵی خۆکوشتنی داوە. ئایا کەسێك هانی داوە یا هەڕەشە یا دەستدرێژی لێکردووە و ئەو پرســـیارانە و هەندێ پرسیاری تریشی ئاڕاستە کرد، بەڵام (ئاواز) هەمووی بە نەخێر وەڵامدایەوە. تەنیا ئەوەندە هەبووە کە ئەو ئێوارەیە دڵی زۆر توونـد و گوشراوبووە، بێ ئارام و تەواو نیگـــەران بووە. بە کورتی پێی گـــوت کە حاڵەتێکی دەروونی بـــووە و هیچی تر. ئینجا لێکۆڵەرەوەکە لێی پرســـی ئاخۆ ســـکاڵای لە دژی کەس هەیە. ئەویش بە نەخێر وەڵامی دایـــەوە. لێکۆڵەرەوەکەش کە دیتی (توخمـــی تاوان) لە هەوڵە خۆکوژییەکەیدا نییە، کۆتایی بە پرســـیارەکانی هێنا و ڕێگەی بە (ئاواز) دا کە بڕوات.

### سەرچاوەی کێشەکە

نیوەڕۆی ڕۆژی دوای هەوڵەکە (ئاواز) باری تەندروســـتی بە تەواوەتی باش بوو، بۆیەش پزیشـــکەکان ئامۆژگارییان کرد کە هەوڵبدەن هۆکارەکانی دڵتەنگ بوون و بێزارییەکەی نەهێڵن و ڕێیان دا کە بچێتەوە ماڵەوە چونکە ئیدی هیچ مەترســـییەك لەســـەر ژیانی نییە و نەماوە. بەر لە چوونەوەش (شاخەوان) بە درەنگەوە زانیبووی کە (ئاواز)ی ژنی هەوڵی خۆکوشتنی داوە، بە پەلە خۆی گەیاندە نەخۆشخانە و چووە لای (ئاواز).

(عەبد)ی برای ئاواز هەر هێندەی پێگوت: خوا دەزانێ ئەو خوشـــکەم شـــتێکی لێهاتبا، نەدەبایە تۆش لەسەر دنیا بمێنی. بەڵام (شـــاخەوان) هیچ قســـەیەکی نەکـــرد. (ئاواز)یش هەر هێندەی پێگوت بۆچی هاتووی؟

ئێوارەکە هەموویان هاتنەوە ماڵ و تەندروســـتی (ئاواز)یش بـــە تەواوەتـــی چاك بـــۆوە. باوكـــی و (عەبد)ی بـــرای لە هۆی ڕاســـتەقینەی ناکۆکی خۆی و (شـــاخەوان)ی مێردیان پرســـی و بـــە (ئاواز)یان گـــوت تۆ ژیانت هێنـــدە ناخۆش و تـــاڵ بووە، بۆچی دایکت یـــا ئێمەت ئـــاگادار نەکردۆتەوە..

(ئاواز) فرمێسکی لە چاودا هاتە خوارەوە و بێ دەنگ بوو. باوکی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ بەراستی بزانێ ژیانی ئەو چۆن گوزەر دەکات و ناخۆشی ئەو لەگەڵ شاخەوانی مێردی هۆکەی چییە و بۆ تا ئێستا پێی نەگوتوون. (ئاواز)یش لە بەرامبەر هورووژمی ئەو پرسیارانەی باوکی و (عەبد)ی براکەی ناچار بوو راستی مەسەلەکەیان بۆ باس بکات و گوتی: من ئەوە ساڵێکە مێردم بە شاخەوان کردووە هەتا شەش حەوت مانگیش هیچ کێشەیەکمان نەبوو، بە دڵ خۆشی دەویستم، بەڵام دواتر هەستم کرد رەفتاری لەگەڵم گۆڕاوە، وردە وردەش خراپتر دەبوو، تا وایلێهات هەموو رۆژێ تورەوتووندە بوو، بە بچووکترین شت، یا تەنیا بە یەك وشەی من هەڵدەچوو، هەزار جنێوی بە خۆی دەدا و نەفرەتی لە خۆی و ژیانی هاوسەرێتیمان دەکرد.

ئەگەرچی هەر لێینەدەدام، بەڵام بریا هەر لێیدابام و کوتەکەکەم پێکەوتبا نەك هەموو رۆژێ وەها لەناو بۆڵەبۆڵی بەردەوامدا بژیم و قسەیەکی خۆشم گوێ لێ نەبێت...

هۆیەکەشی ئەوەبوو کە تا ئەو شەش حەوت مانگە کە منداڵمان نەبوو زۆر نیگەرانی کردووە، بۆیە رۆژێك بەبێ ئەوەی بە من بڵێ چۆتە لای پزیشك کە بۆچی ئەوەندە مانگە ژنی هێناوە، کەچی منداڵیشی نەبووە، ئەویش داوای لێکردووە بچێ پشکنینێکی تاقیگەیی بۆ بکات، کە پشکنینەکەی کردووە و گەڕاندویەتییەوە بۆ لای پزیشکەکە، ئەو پزیشکە پێی گوتووە تۆ نەزۆکی، زۆر زەحمەتە هەر منداڵیشت ببێت. بۆیە عەیبەکە لە تۆیە، ئەو قسەیە بەس بووە کە ئیدی شێتگیر ببێت، کە هاتۆتەوە باسی مەسەلەکەی کردووە ، من زۆر دڵم دایەوە و پاڵپشتیم لێکرد و پێمگوت: شاخەوان من تۆم دەوێ نەك منداڵ. ئەگەر هەتا پەنجا ساڵی تریش منداڵم هەبێ یان نە بەلای من تۆزقاڵێکیش گرنگ نییە. بەڵام ئەو بەو قسانەم دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە. گرفتەکەشی ئەوەبوو کە هەر جارێك دایکی دەهاتەماڵمان دەیگوت کوڕم ژنی بێ (زوریيە وەکو داری بێبەر وایە، بۆ ژنێکی تریش ناهێنی تا منداڵێك دوانت ببێ..) ئەوە سەری قسە و بنی قسەی هەموو جارێکی دایکی بوو. کە دایکیشی ئەو قسانەی دەکرد، دە هێندەی دیکە باری دەروونی دەشڵەژاو نائارام دەبوو. نەیدەتوانی دان بە خۆیدا بگرێ یا لە ماڵەوە یا لە دەرەوە دەیکردە کێشە و فرتەنەیەك نەبێتەوە..

رۆژێك زۆرم لێکرد بچینە لای پزیشکێکی تر، کە چووین دوای پشکنینێکی تر پزیشکەکە گوتی خانە سپێرمەکانی تووشی هەوکردن هاتوون بۆیە ئەوە بۆتە رێگر لەبەردەم منداڵبوونتان، بەڵام من هەندێ دەرمانت بۆ دەنووسم ئیدی چاك دەبیەوە و وەك هەر کەسێکی تر منداڵتان دەبێت، ئەو کە دەرمانەکانی تەواو کرد و من هەر سکم نەبوو، کەوتەوە باری نائاسایی. ئەو رۆژە نزیکەی مانگێك زیاتری خایاندبوو لەسەر تەواوبوونی دەرمانەکانی کە هەستم دەکرد رۆژ بە رۆژ باری تەندروستیم دەگۆڕێ. بەیانییەك چوومە بنکەیەکی تەندروستی بۆ ئەوەی بچمە لای پزیشکێکی ئافرەت و بزانم بۆ هەندێ رۆژ نارەحەت دەبم و هێڵنجم دێتێ و دەرشێمەوە. ئەویش پشکنینێکی بۆ کردم، دوای پشکنینەکە گوتی هەستەوە خانم (سکت) هەیە.

بڕوام نەکرد کە ئەو قسەیەی کرد بۆیە چەند جارێك پێم دووبارە کردەوە. کە چوومەوە ماڵەوە دەبینم شاخەوان لە ماڵەوەیە. منیش لە خۆشیان یەك بە دەنگی خۆم هاوارم کرد و گوتم" مزگێنیم بەرێ سکم هەیە، ئەو کە گوێی لە قسەکەم بوو چاوی زەق بۆوە و بڕوای نەکرد، بەڵام چیم پێ بڵێ باشە گوتی: ئەو سکەت لە کێ بووە..؟!


بەو قسەیەی پێش چاوم تاریك بوو، گریان هەوکی گرتم و وەکو شێتانم لێهات و بە پەلە رامکردە دەرەوە و خلیسکام، ئیدی لە هۆش خۆم چووم: کە چاوم کردەوە دەبینم لە نەخۆشخانەم، بەڵام دواتر زانیم کە منداڵەکەم لەبەرچووە، بۆیە دوای دەرچوونم لە نەخۆشخانە منیش گۆڕام، بەڵام بەبێ ئەوەی بە ئێوە بڵێم تۆراوم، بڕیارمدا لەبەر قسەو تۆمەتە ناڕەوایەکەی شاخەوان، کە من لە گوڵ پاکترم، لەبەر لەبەرچوونی منداڵەکەشم خۆم بکوژم بۆ ئەوەی تا لە ژیاندا ماوە بە ئازاری ویژدان بتلێتەوە.



ئەوان لەو قسانەدابوون کە (شاخەوان) لە دەرگای دا و هاتە ژوورەوە. پاش سڵاوکردن، دوای ئەوەی کە هەستی کردبوو زۆر هەڵە بووە، تەنیا ئەوەندەی گوت: داوای لێبوردن لە هەمووتان دەکەم، بەتایبەتیش لە (ئاواز) ئەگەر ئێوە بمبورن منیش لە خۆم دەبوورم، ئەگەر نا دەبێ سزام بدەن..

من هەڵە بووم، (ئاواز) هەرچی بڵێ راست دەکا و هەقیەتی. بەڵێن بێت نەك منداڵ هیچ شتێکی تر وام لێنەکات جارێکی تر لە گوڵ کاڵتری پێ بڵێم. ئەو هەق بوو، من ناهەق.

ئیتر هەموویان گرژبوونەکەیان خاوبۆوە و زەردەخەنەیەکیش کەوتە سەر لێوی (ئاواز)، هەرچی تورەیی و نارەزایی لە دڵی دابوو، وەکو بەفری بەهار توایەوە.





# لە نێوان دڵ و گیرفانی پیاودا کامیان هەڵدەبژێری؟

ماکیاژێکی تۆخ، سیمایەکی قەشەنگ، باڵایەکی مامناوەندی کەمێك گۆشتن، تەنورەیەکی رەش و بلوزێکی مۆری لەبەردابوو و ناوە ناوە زەردەخەنەیەکی بەسەر ئەو موراجیعانە دابەش دەکرد کە لە دەوری مێزەکەی کۆبووبوونەوە، پێکەنین میوانی بەردەوامی دەمووچاوی بوو، کچێکی گەشبین و کراوە دیاربوو، خۆی بە(دابان) پێناساندم و گوتی: چیت دەوێ دەیلێم و وەڵامت دەدەمەوە، بەڵام ناتوانم وێنەت پێبدەم، منیش بێ تەعلیق دان لەسەر ئەو داوایەی یەکراست لێم پرسی تۆ لە نێوان دڵ و گیرفانی پیاودا کامیان هەڵدەبژێری؟

پێکەنینێکی توووند گرتی وگوتی: پرسیارێکی سادەیە، بەڵام پێویستی بە وەڵامێکی فەلسەفیانەیە، منیش پێم گوت: کەواتە پرسیارەکەش فەلسەفییە.... ئەو دووبارە جڵەوەی قسەکردنی گرتە وە و گوتی:

"دڵ لانەی سۆز و خۆشەویستییە، گیرفانیش جێگەی پارە و....تاد"

(دابان) کچە قوتابییەکی یەك لە کۆلێژەکانی ئێوارانە بەیانیانیش فەرمانبەرە، رێك لە تەمەنی (٢٥)سـاڵیدایە ئەو پـێ وابوو هەرگیز ناکرێ بـەراورد لە نێوان دڵ و پارە یان گیرفاندا بکرێ، چونکە پارە مادەیەکی رووتی ئەوتۆیە مرۆڤ بەرهیمی دێنێ و پەیدای دەکات، بەڵام جیهانی رۆح و سـۆزی مرۆڤ یەکانگیرن بە جیهانی میتافیزیقیا و دوورن لە دەسەڵات و هێزی مرۆڤ.

(دابان) گوتیشـی"هەر ئافرەتێك گیرفانی پیاو پێش دڵی بخاو پارەی پێ گرنگتر بێ ئافرەتێکی عەقڵ کاڵ و سـاویلکەیە بەردەوام بەدوای باخەڵی پڕ لە پارە وێڵ دەبێ".

- ململانێـی نێـوان جیهانـی رۆح و جیهانی مادە، ململانێیەکی ئەزەلی بێ کۆتایە، ئامادەگی لە تەواوی کەناڵەکانی ژیانی مرۆدا هەیە، پارەو دڵ ئەو دووکارەکتەرە سروشت جیاوازەن نوێنەرایەتی هەردوو لایەنی ململانێکە دەکەن، لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و گۆڕانی شێوەی ژیان، گۆڕان لە سروشتی ململانێکەش روویداوە، خەریکە پـارە و مادە تەنگ بە لایەنە رۆحی و سـۆزدارییەکان هەڵدەچنن و هەموو پانتایی ژیانی مرۆڤ داگیر دەکەن بـە پەیوەندی نێوان کوڕ و کچ و ژن ومێرد و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە.

- (فەهیمـە عەبدولڕەحمان) فەرمانبەر(٤٢) سـاڵ دەڵێت: پێویستە کەمێك واقیعبینانە بیر بکەینەوە و کۆشك و تەلاری زەبەلاح لەسـەر لمی کەنارەکانی دەریا بونیاد نەنێین (فەهیمە) کە زیاتر لە (١٥) ساڵە مێردی کردووە باسـی لە تەجرەبەی ژیانی خۆی کرد و گوتی: من و هاوسەرەکەم بەر لە ژیانی هاوسەرێتی بە پەیوەندییەکی قووڵی سۆزداریدا تێپەڕبووین کە هەر ئەوەش بووە هۆکاری چوونە نێـو ئەو ژیانە، ئەو کات سـۆز و گۆڕینەوەی پەیڤی خۆشەویسـتی، دڵە و گیان و رۆح هەموو پارە و پوولی دونیایان دێناو هیچ پیاوێکی دیکە نەیدەتوانی بە هەرنرخێك بێ ئەو قسـانەم لێبکرێ، وەلێ مەودایەکی فـراوان هەیە لە نێوان خەیاڵ و خۆشەویسـتی و ژیانی واقیعیدا بۆیە (فەهیمە) دەڵێت: کاتێك سۆز و خەیاڵ بەر تاشـە بەردەکانی واقیع دەکەون تەنیا پانتاییەکی بچووك بۆ دڵ دەمێنێتەوە و گیان و پەیڤە سۆزدارەکان پارەیەکی ئەوتۆ ناکەن.

- (گیرفانی پڕ و زێڕ و سامان ئەو ژیڤرەیەیەکە ژمارە نهێنییەکانی ئافرەت دەکاتەوە) ئەوە قسەیەکە پیاوان وەك چەکێکی هەمیشـەیی دژی ئافـرەت بەکاریدەهێنن و ژنانی پێ تۆمەتبار دەکەن.

- خاتوو (راژان شـوان) **٢٦** سـاڵ قوتابی ماستەر، باسـی لەوەکرد نابێ حوکمەکان حوکمی رەهابن، چونکە چۆن هەموو پیاوان وەك یەك نین بە هەمان شێوە کچانیش هەڵگری بۆچوون و خەسـڵەت و روانگـەی جیاوازن، (راژان) گوتـی: بەداخـەوە ژیـان رووی لە مادییەت کردووە و رۆژ لە دوای رۆژ بەهارۆحی و شتە جوانەکان سیس و لاوازتر دەبن، کوڕانێکیش هەن هاوشێوەی بەشێك لە کچان لە دروسـتکردنی پەیوەندی خۆشەویستی یان ژیانی هاوسـەری ئەوەندەی بیر لە وەزعی کۆمەڵایەتی و وەزعی ئابووری کچە و بنەماڵەکەی دەکەنەوە، ئەوەندە بایەخ بەرادەی خۆشەویسـتی کچەکە بۆ ئەوان و لایەنە رۆحییەکە نادەن، بە بۆچوونی (راژان) ئەوەش گرفتێکی مەترسـیدارە، چونکە دڵ و عەقڵ و کەسایەتی مرۆڤ خاڵی جەوهەرییە ئینجا گیرفان و پارە و شتی دیکە.

- لە روانگەی خاتوو(بەیان عومەر)یش پارە ودڵ ئەو دوو توخمەن کە بەردەوامـی و هێز بە ژیانی مرۆڤەکان دەدەن، بەیـان دەڵێت: نە پـارە و گیرفانی پڕ دەتوانێ جێگەی دڵ و خۆشەویسـتی بگرنەوە و ژیان ئاسـوودە بکات، نە خۆشەویستی و وشـەی سۆزداریش دەتوانێ ژیان و گوزەرانی مرۆڤ بەڕێوە ببات، بۆیە ئەو پێیوایە هەر دوولا تەواوکەری یەکترین.

- بەگشتی راو بۆچوونەکانی پیاوان لەگەڵ ئافرەتان لەو بابەتانەدا نایەکانگیر و لێك دوورە، هەر یەکە و بەپێی بەرژەوەندی خۆی و پێگە و قورسـای لە کۆمەڵگەدا، ئەحکام و بیروڕاکانی دەردەبڕێ، پیاوان بەردەوام هەوڵدەدەن تۆمەتەکان لـە خۆیان دوور بخەنـەوە و تۆپەکە بخەنە گۆڕەپانی ژنان، ژنانیش بە پاسـاوی وەك نێرسالاری و زوڵمی کۆمـەڵ و داب و نەریتەکان بەرگری لە خۆیان دەکەن و پیاو وەك کارەکتەری سەرەکی لە کۆمەڵگەیەکی نادادپەروەردا بەسەرچاوەی ئاریشەکان دەزانن.

(یاسـین مەجید) مامۆستا(**٣٣**) ساڵ، بیروڕای وایە هەرگیز مومکین نییە پارەو سەروەت و سامان ئاسوودەیی و روناکی بخاتە مـاڵان و دڵان.... گەر دڵەکان خۆیان

**ژنێک:**
**کاتێک سۆز و خەیاڵ بەر تاشە بەردەکانی واقیع دەکەون تەنیا پانتاییەکی بچووک بۆ دڵ دەمێنێتەوە**

**دڵ و عەقڵ و کەسایەتی مرۆڤ، خاڵی جەوهەرین ئینجا پارە و گیرفان و شتی دیکە**





**کۆمەڵناسێک: بەهۆی زاڵبوونی تەکنەلۆژیا و رووە مادییەکەی ژیان بەسەر بەهاو لایەنە رۆحییەکە، گیرفان پڕکردن و کۆکردنەوەی پارە بۆتە خەمێکی گەورە**

ڕووناك نەبن.

ماموستا (یاسین) (٦) ساڵە ژنی هێناوە، ئەو هێمای بۆ ئەوەش کرد کە مرۆڤ لە تەمەنی هەرزەکاری و بەر لە ژن هێنان جۆرە ئایدیـــا و بیرکردنەوەیەکی هەیە زۆر دوورە لەو شـــێوە بیرکردنەوەی کاتێك دەچێتە نێو ژیانی واقیعی و خێزان پێك دێنێ، هەروەها گوتیشی: ئەستەمە گیرفانی پڕو سامان هەموو شتێك بۆ ئافرەت دەستەبەر بکات، (یاســـین) پرسیاری ئەوەی کرد با پیاوێك هەموو ســـەروەت و پارەی دونیای لەلابێ گەر نەیتوانی ژن و ماڵ و مندالەکەی ئاســـوودە بکات پارەو سامانەکەی چ ســـوود و مانایەکی دەبێ؟ گەر پیاو نەیتوانی هەستی ئەوە لەلای دروست بکات کە دڵی موڵکی ئەوە و بە قسە و پەیڤی سۆزدار پڕی بکات لە خۆشەویستی، پارەی ئەو پیاوە چ ئیزافەیەك دەخاتە سەر ژیانی ئافرەتەکە؟

- (ئافرەت ئەوەندەی گیرفانی پیاوی لا گرنگە ئەوەندە دڵی ئەوی مەبەست نییە).

- (محەیەدین ناسر) کاسبکار جیا لەو قسانە دەڵێت: هەر ئافرەتە پیاو فێر دەکات پارەی خۆش بوێ، هەر ئەوانن بە ناڕاستەوخۆ پیمان دەڵێن سامان و گیرفانی پڕ لە پارەتان دڵ و خۆشەویستی و هەموو شتێکن بۆ ئێمە، هەر بە بۆچوونی (محەیەدین) بەهۆی پێکهاتەی کەسایەتی ئـافـرەت مـادە و سامان زیاتر کاریگەری تێدەکەن، (پارە مادەیەکی وروژێنەرە، زێڕ لای ئافرەت لـەدڵ و چـاو و ناخی پیاو پـیـرۆزتـرە، (محەیەدین) گوتیشی: ئەو رۆژگارە رۆژگاری مادە و پارەیە، گەر گیرفانت پڕ بێ واتە تۆ هەی، گەر بێ پارە و نەداریش بی کەواتە تۆ لاواز و بێ پێگەی.

- دوور لـــە بـــۆچـــوونـــەکـــانـــی (محەیەدین)، (ئـازاد عەبدولوەهاب خۆشناو) فەرمانبەر (٥٣) ساڵ، وای بۆ دەچێت کە هیچ کاتێك مــادە پـارسـەنـگـی کەسایەتی مــرۆڤ نــاکــات، کەسایەتی نـائـەرزش و بێ ســوود هـەر بێ کەڵك و بێ بنەمایە، لەوانەیە پارە زێتر ناهاوسەنگی بکات.

**پیاوێک: ئافرەت ئەوەندەی گیرفانی پیاوی لا گرنگە، ئەوندە دڵی ئەوی مەبەست نییە**

(ئازاد) پێی وابوو ئافـــرەت کائینێکی هێندە عاتیفی و بەســـۆزە بۆیـــە پەیڤی جوان و خۆشەویســـتی بۆ ئەو هەموو شـــتێکن، هەروەها ئاماژەی بەوەشـــدا کە ناکرێ رۆڵـــی پارە بـــەدوور بگرین لە خۆشـــگوزەرانی خێزان، چونکە بەقســـەی(ئازاد) ژیان هێندە زەحمەت و قورس بووە مەحاڵە بە گیرفانێکی رووت ئاسوودە بژین، هەروەها گوتیشی: بەڵام نابێ پارە بکەینە پێوەر بۆ هەموو شتێك، نابێ ببێتە جێگرەوەی ســـۆز و بەها پیرۆزەکان و هەموو شتێکی جوان.

- زانســـتی سۆســـیۆلۆژیا هـــەردەم بە شـــێوەیەکی زانســـتی و بابەتییانە قسە و باس لەسەر ئاریشە و بابەتە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەکات، (رۆنیاس عەبدولئیلاە) دەرچووی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی بڕوای وابوو بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتان دڵی پیاو دەخەنە پێش گیرفانییەوە، بەڵام لەپێشـــدا بایەخدان بەسۆز و کانیاوی عاتیفە، کە دڵە، زۆر زیاتر بوو لە ئێســـتا کەچی ئێستا بە پێچەوانەوە.

(رۆنیـــاس) گوتیشـــی: ئەمرۆ بەهـــۆی زاڵبوونی تەکنەلۆژیاو رووە مادییەکەی ژیان بەسەر بەهاو لایەنە رۆحییەکـــە، خەمی گیرفـــان و پـــارە کۆکردنەوە بۆتە خەمێکی گشـــتگیر و (مرۆڤ کاریگەرتر بووە بە باق وبریقی ژیان)(رۆنیاس) لەدوابەشـــی قسەکانیدا دەڵێت: راستە پارە پێویســـت و گرنگە بۆ بەردەوامیدان بە ژیان بەشێوەیەکی رێك و پێك، بەڵام بایەخدان پێی دەبێ تا ئەو ئاستەبێ کە پێویستیمان پێیەتی، ناکرێ بیکەینە هەموو شتێك، چونکە هەندێ شت هەن بە گیرفانی پڕ و پارە نایەنە کڕین.





## ئەوەندەیان پێڕەوا نەبینی بەدڵی خۆی کەسێک هەڵبژێرێ

# چیرۆکی ئەو کچەی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا



کات ئێوارەیەکی درەنگ بوو، کاتێ ئۆتۆمبێلێك بە سوورانەوەیەکی خێرا و هۆڕن لێدانێکی زۆرەوە، لەبەردەم دەرگای نەخۆشخانەکە وەستاو شۆفێرەکەی بە هات و هاوارێکی پڕ لە شپرزەییەوە داوای کردنەوەی دەرگاکەی لە کارمەندانی پرسگە و پاسەوانەکانی دەکرد. ئەوانیش کە هێندەیان لەو جۆرە رووداو و پشێویانە دیتبوو، زۆر چاك لە مانای بە پرتاو راگرتن و هۆڕن لێدانی ئۆتۆمبێلی وا دەگەیشتن و راهاتبوون بەو جۆرە دۆخانە.. بۆیە هەر زوو بێ پرسیارکردن لەوەی کەچی بووە و چی روویداوە، دەرگای سەرەکی نەخۆشخانەیان کردەوە و ئۆتۆمبێلەکەش بە خێرایی پێشوو خۆی کرد بە حەوشەی نەخۆشخانە و ئەو دوو کەسەی تیایدابوو، بە پەلەپەل دەرگایان کردەوە هاتنە خوارەوە و دەرگای پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەیان کردەوە و بەپەلە پرۆزێیەوە کچێکیان لێهێنایە خوارەوە، کە هەموو جەستەی سووتابوو، بە بەتانییەکیش داپۆشرابوو، دەمودەست خستیانەسەر عارەبانەیەك و بۆ ئەو قاوشەیان برد، کە زۆر کچ و ئافرەتی وەکو خۆی سووتاوی لێبوو.

ئەو قاوشەی زۆر بەدەگمەن ئافرەتێکی سووتاوی بە زیندوویی لێ چووبێتە دەرەوە.. لێرەوە ئیدی باس لە بەشێکی ئەو رووداوە دەکەین، کە بەسەر کچێکی تەمەن(١٩)ساڵەدا هات بەنێوی (رێزان).

**خۆشەویستییەکی بێ ئاکام**

رێزان، لە(١٩)ساڵەی تەمەنی خۆیدا بوو، کەدڵی چووە، یەکێ لە کوڕە خزمە دوورەکانی خۆی، ئەو سەرەڕای ئەوەی



**ڕێزان بە دەگمەن ڕێگەی چوونە دەرەوەی ماڵی پێدەدرا زۆربەی کاتەکانی لە ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری خێزانەکەی سەرف دەکرد**

کە لەناو خێزانێکدابوو کە بە دەگمەن نەبێ دەرەوەی نەدەبینی، مەگەر جـــار ناجارێك لە مانگێك یـــادوان. دایکی لەگەڵ خۆیدا بۆ ســـەردانی یەکێ لە خزمەکانـــی، دەرەوەی ماڵی پێ نیشـــاندایە، ئەگەرنا، هەموو ڕۆژێ بەیانیانێکی زوو لە خەو هەڵدەســـتا و خەریکی کاروباری ناوماڵ دەبوو، هەر لە ئامادەکردنی بەرچایی و ماڵ گەســـکدان و خاوێنکردنەوەو و شـــۆردنی جلوبەرگ، تا ڕاپەڕاندنی وردودرشتی کارەکانی ماڵ و خزمەتکردنی باوك و براکانی، بەمشێوەیە تا درەنگانی شـــەو ئەمە کاری ڕۆژانەی بوو.. ئەو لەو یەکدو ســـەردانە دەگمەنانـــەی لەگەڵ دایکیدا دڵـــی دەچێتە یەکێ لە کوڕە خزمەکانـــی و بەتیلەی چاو ڕاز و نیـــاز دەگۆڕنەوە، دوای ئـــەو دڵ بە یەکداچوونە، کوڕەکە نـــاوی (ح) دەبێ، دەچێتە بن کلێشـــەی دایکـــی و داوای لێدەکات زوو زوو ســـەردانی ماڵی (ڕێزان) بـــکات. ئەویش کە بـــەڕازی دڵی کوڕەکەی دەزانـــێ بێ دڵی ئەو ناکات و هەفتـــەی جارێك یان دووان، بەناوی ســـەردان و پرســـین و خزمایەتییەوە خۆی دەگەیاندە ماڵی بابی (ڕێزان)، دوای یەك دوومانگ کچە و کوڕە تەواو ئۆقرەیان لەبەر دەبڕێ و هەردوو بە هەر ڕێگەیەك بێ بەڵێنی بۆ یەکتربوون بەیەك دەدەن، دوای ماوەیەکی کورت دایکی (ح) داوای (ڕێزان) لە دایکی دەکات بۆ کوڕەکەی، ئەویش سەرەتا زۆری پێی خۆش دەبێ، بەو پێیەی کە کوڕەکە خزمی خۆیانە و گەنجێکی ڕێکوپێك و خاوەن کاروکاسبی و پیشەیە و ناو و ناوبانگێکی باشـــی هەیە و هەموو کچێك ئاواتە خوازییەتی، بۆیـــە بەدایکی (ح) دەڵێ زۆرم پێخۆشـــە و بەدڵ حەز دەکەم بە نســـیبی بێت، بەڵام دەبێ پرس بە باوکی و براکانی بکەم و دەبـــێ ئەوان ڕازی بن ئینجا ئێمە قســـەیەکی دیکەی لێ بکەین، پاش ئەوەی دایکی ڕێزان مەســـەلەی داخوازیکردنی کچەکـــەی بە مێردەکەی دەڵێت، ئەویش گوتی: با بێنە پێش ئەوجا وەڵامـــی بەڵێ یا نەخێریان دەدەینـــەوە... ئیدی هەر چۆنێـــك بێت، دوای دوو هەفتەیەك ژنـــان چوونە داخوازی و هەواڵیـــش درایە پیاوان، پـــاش دوو ڕۆژ باوکی (ڕێزان)، بە ئامادەبوونی براکانی، ڕێزانیان بانگکرد و پرســـیاری ئەوەیان لێکرد داخۆ بەو کوڕە ڕازی دەبێ، ئەویش یەکسەر گوتی (ئاهـ ڕازیدەبم)، ئەو کورتە ڕستەیە بەسبوو بۆ ئەوەی برا گەورەکەی شێتگیر بێت و بە هەڵچوون و تووڕەبوونێکی زۆرەوە لێیپرسی: دیارە یەکتری باش دەناســـن و خۆشتدەوێ، قسەیەك لەم برا، قسەیەکی دیکە لەوبرا، بووە مشتومڕێکی توند و ڕێزانیش، زمانی ســـووتا، گوتی بەڵێ خۆشـــمدەوێ و ئەویش نەبێت مێرد بەکەســـی دیکە ناکەم، ئەمە ئەو ســـاتەوەختە بوو، کە چارەنووسە ڕەشـــەکەی ڕێزانی دیاریکرد. باوك و براکانی بە دایکی ڕێزانیان گوت، بە کەسوکاری (ح) بڵێن کە کچەکەیان بەمێرد نادەن و با نەیەنە پێش، لێرەوە هەموو شـــتێ تێکچوو، ڕۆژە ڕەشـــەکانی ڕێزان دەســـتیان پێکرد، بـــاوك و براکانی بڕیاریاندا بیدەنە ئەو خزمەیان کە خۆیان دەستنیشـــانیانکرد، ســـەردان و هاتوچۆکردنی دایکی ڕێزان و کەسووکاری (ح)بۆ یەکتـــر کۆتایی پێهات، ڕۆژێك دیاریکرا ئەو مەســـەلەیە لە خزمەکەی خۆیان بگەیەنن، ژنان قسەیان لێکردوو ڕۆژێکیش دیاریکرا، پیاوەکان بێنە داخوازی و بە یەکجاری مەســـەلەی مێردکردنی ڕێزان ببڕێتەوە... ئەو شـــەوەی کە پیاو هاتن بۆ مارەکردنی ڕێزان بۆ یەکێ لە کوڕەکانی ئەو خزمەی کە باوك و براکانی ڕێزان لەگەڵیان پێکهاتبوون، لە گەرمەی قســـە و



دەمەتەقێی داخوازیکردن و مارەکردن دابوون، قیژەو زیرەیەکی بێئامان لە گەرماوی ماڵەکەیان بەرزبۆوە، دوای ساتێك ڕێزان وەك گڵپە ئاگرێکی بەتین دەرپەڕییە حەوشەی ماڵەکە و هاوار و قیژەی لێ هەڵستاو خۆی بەدار و بەردی ماڵەکە دادەدا، تا پیاوەکان خۆیان پێدادا و بە بەتانییەك کوژاندیانەوە،

ئەو هەموو ئەندامەکانی لەشی برژابوو، بە پەلە پڕوزێ گەیاندیانە نەخۆشخانە، کە لە نەخۆشخانەدا لەسەر قەرەوێڵەیان دانا، جەستەیەك پارچە سوتابوو، لە تۆقی سەرییەوە، تاوەکو بنی پێی سووتان و برژان بوو، کەللەسەری هێند ئاوسابوو بە سووتانەکەی، دەموچاوی دیمەنێکی سامناك و یەکجار شێواوی لێ دروست ببوو، هەموو ئەوانەی هاودەمی نەخۆشە سووتاوەکان بوون، لە قاوشەکە هەموو ئەو نەخۆشانەی کە هێشتا نەگەیشتبوونە قۆناغی ترسناکی و نزیکە مەرگن، کە ڕێزانیان هێنایە ژوورەوە، چاو ئەبلەق و زارترەك، تەماشایان کرد لێی تۆقین، بۆ هاودەمی نەخۆشەکان، ئەو یەك دوو ڕۆژەی ڕێزان بە زیندوێتی لەسەر قەرەوێڵەی مەرگ درێژکرابوو، پەلەقاژەی مەرگی بوو ڕۆژی ترسناك و پڕ سەرسامی بوو بۆیان، سەیرە مرۆڤ کە زۆر بسووتێت چی بەسەردێت، ئگەر شاجوانی دنیاش بێت، دەبێتە سامناکترین بوونەوەر و ناشیرینترین کەس، کە ڕێزان هێندرایە ژوورەوە، دەمودەست پزیشك و کارمەندانی تەندروستی و یاریدەدەرە پزیشکییەکان هاتن، وەك پیشەی هەموو وەختەیان، وەك ئەرکی مرۆڤانەی خۆیان، کە دڵنیاشبوون لێی، تەمەنی ئەو کچە، ئەو پەڕەکەی هەر یەك دوو ڕۆژێکە، هەوڵی چارەسەرکردنیاندا ئەوەی پێویست بوو بۆیان ئەنجامدا، کە پزیشکەکەش لێیی پرسی بەچی سووتاوی گوتی: لە گەرماوبووم خەریکی هەڵکردنی پرێمزبووم و تەقی، بەڵام ئەو پرێمزە چۆن تەقی و چۆنی سووتاند و بۆچی جەستەی ئێستاکەش هەر بۆن نەوتی لێدێت، کەس وەڵامی ئەو پرسیارانەی نەدایەوە، ڕۆژی یەکەم ڕێزان هەر ئەو یەك دوو قسەیەی دەرفەت درا بیکات، پاشان براکانی پێیان خۆش نەبوو، کەس پرسیاری لێ بکات و لەدایکی خۆشی زیاتر کەس نەچێت بەلایدا ڕۆژی یەکەم بەو شێوەیە ڕۆیی، کەچی ڕۆژی دواتر ڕێزان زمانی شکا و لە قسەکردن کەوت و چیتر هۆشی لەخۆی نەما، ئیدی نەکس سکاڵای کرد و نەکەسیش لە ڕاستی ڕووداوەکەی کۆڵییەوە، ئەوەندە نەبێ بەهۆی مشتومڕی نێوان یەك دوو برایەوە کە یەکتریان تۆمەتبار دەکرد، بەوەی کە خوشکەکەیان بەو ڕۆژە ڕەشە گەیاند، هەندێ لایەنی ڕووداوەکە لە ناو قاوشەکە و لێرە و لەوێ بڵاودەبۆوە، کچە لەسێیەمین ڕۆژ، حاڵی بەرەو خراپتر ڕۆیی، و وردە وردە ئەندامەکانی جەستەی لە کاردەکەوتن و بۆ نیوەڕۆکەی گورچیلەکانی لەکار وەستان و شەو درەنگانێکیش دوا هەناسەی داو ئیدی جارێکی دیکە نەیتوانی پشوو بخواتەوە کچێك بەنیوەشەوێك مرد، بەڵام مردنێکی بە ئازار و عەزاب کێش، کچێك ئەوەندەیان پێڕەوا نەبینی، بڵێ لێمگەڕێن بەدڵی خۆم کەسێك هەڵبژێرم، ببێتە هاوسەرێکی ڕەوای خۆم و ژیانی سەر دنیاییم لەگەڵی ببەمەسەر... بەڵام کێشە تەنیا لەوەدا نییە خەفەت لە مردنێکی لەو جۆرە بخۆین، بەڵکو خەفەت و ئازارە ئینسانییەکە لەوەدایە مرۆڤێك ناچار دەکرێ (مافی ژیان) لە خۆی بستێنێتەوە و کەسیش بەرگری لێنەکات و خوێنی بەناحەق ڕۆیشتوی، بەفیڕۆ بچێت.

**براکانی تەنیا لەبەر ئەوەی ڕێزان حەزی لە کوڕە خوازبێنیکارەکەی دەکرد، ڕازی نەبوون شووی پێ بکات**

# قەڵەوی . . .
# گرفتێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی

تا ساڵانێکیش بەر لە ئێستا زۆر کەس هەبوون بە دڵ حەزیان دەکرد کە تۆزێك قەڵەو ببن، زۆر جوڵانەوە و کارکردن لەلایەك و جۆری خۆراکیش لەلایەکی ترەوە، هۆکارێك بوون کە یارمەتی مرۆڤیان دەدا کێشیان لە رادەی سروشتی زیاتر نەکات.. بۆیە قەڵەو بوون خولیای زۆر کەس بوو، ئێستا پێچەوانەوە کەوتۆتەوە، خۆ لاوازکردن بۆتە خولیا و قەڵەوبوون بۆتە گرفت...

گرفتەکەش هەم لە شێوە و جۆرەکانی خۆراکە هەمیش وەك دەردێکی دەروونی لێهاتووە بۆ ئەوانەی کە زیاد لە پێویست قەڵەون. ئینجا ئەوەی کە گرنگە بیپرسین ئەوەیە ئایا قەڵەوی بەڕاستی گرفتە، ئایا دەتوانین کۆنترۆڵی کێشی خۆمان بەهۆی خۆراك و جووڵەوە بکەین...؟

وەکو دەگوترێت وا نییە مرۆڤ هەر تۆزێك قەڵەو بوو ئیدی تەواو دەبێ دەست لە خۆی بشواتەوە و تازە تووشی دەردێکی ترسناك بووە، نەخێر قەڵەوی نەخۆشییەك نیە مرۆڤ ئەوەندە نیگەران بێت لێی کە دەرمانی نەبێت، هەروەك (د. دەلال حەسەن حوسێن سنجاری) روونی دەکاتەوە و دەڵێ:

مرۆڤ بەپێی تەمەن و درێژی باڵای و رەگەزەکەی، کێشی دیاری دەکرێت و دادەنرێت، ئەم پێوەری کێش دانانە ، شتێکی وەك دەڵێن ستانداردتەو دەشکرێ نەختێك کەم و زیادی لێبکرێت بێ ئەوەی ببێتە مایەی گرفتێکی تەندروستی، دیارە کە کێشی مرۆڤیش دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەندێ هۆکاری جۆراوجۆر وەك: بۆ نموونە هۆکاری بۆ ماوەیەکی (وراسە) و جۆر و بڕی خۆراك و نەریتی خواردن و چۆنیەتی لێنان و ئامادەکردنی چێشت و رادەی جووڵە و کارکردن و بڕی ئەو کالۆری و(وەزەیەی) کە مرۆڤ بە خەرجی دەدا.. ئینجا کاتێك ناهاوسەنگی لە نێوان بڕی خۆراك و جۆرەکەی لەگەڵ جووڵە و وزە خەرجکردنی تێچوو دەکەین گرفت و کێشمان بۆ دروست دەبێ، هەر کاتێك مرۆڤ نیوەی رادەی سروشتی خۆی کێشی زیاتر بوو، ئەو کاتە دەتوانین بڵێین کە قەڵەوی گرفتە و پێویستە کێش کەمبکرێتەوە ، دیارە قەڵەوی هەر لەلایەنی جەستەییەوە زیان بەخش نییە، بەڵکو زیانی دەروونیشی هەیە، بەڵام زیانە جەستەییەکانی زیاترن، بۆ نموونە زۆر جار دەبێتە هۆی نەزۆکی لە ئافرەت ، یان ،

تووش بوون بە نەخۆشی رەقبوونی خوێنبەرەکان و دواجاریش دووچاری نۆرە دڵی (النوبة القلبية) دەبێتەوە، بەڵام وەنەبێ قەڵەوی شتێك بێت چارەسەرکردنی مەحاڵ بێت، وەك لای هەندێ لە کچان دەبینرێت، بەڵکو چارەسەری ئاسانە ئەویش ئەوەیە ئەو مرۆڤە خواردن کەمبکاتەوە، چ ژمەکانی و چ بڕەکەی، هەروەها پێویستە جۆری خۆراکەکەشی بگۆڕێ و زیاتر سەوزەو میوەجات بخوات، لەبەرامبەریشدا وەزی زیاتر سەرف بکات ، واتە زیاتر بجولێ و کاربکات.

هەندێ کەس بەردەوام لە بیری ئەوەدان چۆن و چی بکەن کە کێشیان دابەزێنن، بۆ ئەم مەبەستەش زۆر رێگاو شێواز تاقی دەکەنەوە، خاتوو(نەسرین عەبدولسەمەد) کە تەمەنی (١٩) ساڵانە و قوتابی قۆناغی یەکەمی پەیمانگای تەکنیکییە: وەك خۆی دەڵێ: زۆر رێگای تاقی کردۆتەوە بەڵام هەر نەیتوانیوە کێشی دابەزێنێ، ئەوەتا دەڵێ: من باڵام(١٦٩سم) بەڵام کێشم(٨٤) کیلۆیە، زۆر لە قەڵەوییەکەی خۆم بێزارم، بۆیە چەند جارێك (رجیم) کردووە، بەڵام پاشان دوای چەند مانگێك بینیتم تەنیا یەك دوو کیلۆ کێشم کەمبووە، بۆیە وازم لێهێناوە، هەندێ جاریش رۆژانە دوو کاتژمێر لەسەر پایسکیل لە ماڵەوە وەرزشم کردووە، هەر نەمتوانیووە تەنانەت کێشم بهێنمە (٧٥) کیلۆش، بەراستی قەڵەویەکەم لێ بۆتە کێشە.

زۆر کەس بۆ خۆلاوازکردن پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی دەرمان

ئەمڕۆ لە دەرمانخانەکان جۆرەها دەنکۆڵە( حب) و کەپسول هەن کە گوایە، بەکارهێنانیان دەبێتە هۆی لاوازبوون، نموونەش وەکو دەنکۆڵەی( زنیگاڵ- xenieai) ، کە لە هەموو دەرمانەکانی تر زیاتر فرۆشتن و رەواجی هەیە، ئەم دەرمانە دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئارەزووی خواردن، - سەبارەت بەرادەی ئەو دەرمانە یاریدەدەری دەرمانساز (خەسرۆ ئەحمەد مستەفا) گوتی: ئەم دەرمانە لەلایەن چەندی کۆمپانیایەکەوە بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام ژنیکاڵی سویسری لە هەموویان باشترە و لە نرخیش گرانترە، خەڵك بۆ خۆلاوازکردن دیکڕن، کە کاریگەرییەکەی تەنیا ئەوەندیە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن و هەرس نەکردنی مادەی چەوری لە ناو لەشدا.

ئەوانەی کە دەشیکرن بە زۆری ئافرەتانن، بەتایبەتی ئەوانەی کە دوای منداڵ بوون، یا نەشتەرگەری، ورگ (کرش) پەیدا دەکەن و ئارەزوو دەکەن کە کێشیان بە گشتی دابەزێ، ورگیان بچووك بێتەوە، هەروەها کچان و بەشێك لە پیاوانیش بەکاری دێنن، بێگومان هەندێکیان بەڕاچێتەی پزیشك و هەندێکیشیان لەخۆوە بەکاری دێنن، رەواجی ئەم دەرمانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زیانی لابەلای نییە، یان زۆر کەمە.. بەڵام دەرمانەکانی تر بە گشتی زیانی لابەلایان هەیە و هەندێك لەو زیانانە ترسناکیشن بەڵام خەڵکانێکیش هەن کە دیکڕن، تەنیا بەو هیوایەی کێشیان کەمبێتەوە.

لەبەر ئەوەی دنیای ئەمڕۆکە زۆرتر بایەخ بە قەدو باڵای باریك و لاواز دەدات، تەنانەت جلوبەرگیش زۆربەیان بۆ کەسانی لاواز و قەد باریك دەدورێن، کە بەمۆدەی( بەدی) ناسراوە، جگە لەوە زۆربەی هونەرمەندان و گۆرانی بێژە ئافرەت و

**دکتۆرێک:**
**کاتێک مرۆڤ نیوەی رادەی سروشتی خۆی کێشی زیاتر بوو ئەو کاتە دەتوانین بڵێین قەڵەوی گرفتە**



**دەرمانسازێک:**
**زۆر لە ئافرەتان بۆ خۆلاوازکردن پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی دەرمان**

پیاوەکانیـــش تا دوا پلە قەد  باریك و کەم کێشـــن، بەتایبەتیش گۆرانیبێژە ئافرەتە عەرەبییەکان کە لای گەنجان جێی بایەخن و خەڵکێکی زۆر هەواداریانن.

کاك( ئازاد ) کە خاوەنی دوکانی جلك فرۆشییە لە ناو بازاڕی سەرەکی شاری هەولێر ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە مۆدەی ئێستا چ هی ئافرەتان بێ، یان هی پیاوان، مۆدەی (بەدی ) یە، ئەم وشەیە مانای وایە جلوبەرگەکان تەسك و بچووکن، کەسانێك ئەو جلکانە لەبەر دەکەن کە (ورگیان) نییە و قەد  و باڵایان باریك و (رشیق)ە هەردوو رەگەزیش ئەو مۆدێلە هەڵدەبژێرن،  بۆیە دەبینین کێشی زۆر بێ و ســـکی گەورە بێ ئەو جۆرە جلوبەرگانەی بۆ نابیت، ناچار دەبێ مۆدێلی دیکە بکڕێ، کاك(ئازاد) دەڵێ:

بڕوات هەبێ کە سی وا دەناسم کێشی (٦٥) کیلۆیە کەچی لێی بۆتە گرفتێکی دەروونی و بەردەوام باس باســـی کێشـــی دابەزاندن و وەرزشـــییەتی، ئەمە زیاتر کـــوڕان دەگرێتەوە، دەنا کچان بەخۆیان هەر بە سروشت کەم کێشن و بە کەم خۆراکییەکی ســـەر پێی و زۆر جوڵان کێشـــیان دادەبەزێ،  پاشان ئەوان زۆر لاســـایی هونەرمەندان و گۆرانیبێژان دەکەنـــەوە بۆیە خواردن زۆر ناخۆن بۆ ئەوەی وەکو ئەوان لاواز دیار بکەون، بەڕاســـتی لای  هەندێ کچیش قەڵەوی بۆتە کێشە بۆیە دەبینین جۆرەها رێجیم بەکار دێنێ و  سەردانی یانەی وەرزشی ئافرەتان دەکات تەنیا بۆ ئەوەی قەڵەوییەکەی دابەزێنێ، ئێستا یانەی وەرزشی ئافرەتانیش ئەوەنـــدە زۆر بووە، خەریکە بە قەد یانەکانی پیاوان بن،  بۆیە لەو بڕوایەدام کە گرفتی قەڵەوی بۆتە جێی بایەخی زۆر کەس.

## تووندوتیژی دایک بەرانبەر بە کچەکە...

# له بەشێک له خێزانەکاندا بـــ
# دایکانیش لایەنێکی تـــ

چەمکی تووندوتیژی، ئەو چەمکەیە کە کۆمەڵێك کێشەو ئازار بەدوای خۆیدا دروستدەکات و لەزۆربەی خێزانەکانی نـــاو کۆمەڵگەی کوردیدا بەبێ ئاگایانـــە پیادە دەکرێت، تاکەکانـــی خێزانیش فاکتەرێکن بۆ دروســـت بوونی ئەم چەمکە، لەخێزاندا کاتێك رەگەزی نێر بەهۆی باڵا دەستی خۆیـــەوە تووندوتیژی بەرامبەر بە رەگەزە مێیەکان ئەنجام دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار (دایکانیش) یاخود رەگەزی مێ خۆیـــان هۆکارێك دەبن بۆ پیادەکردنی تووندوتیژی و ئازاردانی کچەکانییان، بێگومان ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەرەوە دروست دەبێت.

بۆ زیاتر باسکردنی ئەم کێشەیە **بەڕێز (ئارەزوو عەلی)، کە پیشەی فەرمانبەرە دەڵێت:**

کۆمەڵێك فاکتەر دەبنە کاریگەر بۆ دروســـت بوونی ئەم دیاردەیە لەخێزانەکاندا، ئافرەت وەك رەگەزی مێ هەمیشە لەژێر کاریگەری نەریـــت و بۆچوونەکانی کۆمەڵگەدایە، ئەمەش وای لێدەکات کە بەردەوام چاوی لەســـەر ئاکاری کچەکـــەی بێت تا لەئاینـــدەدا تاکێکی رەوشـــت بەرزی لێدەرچێت، زاڵی دەســـەڵاتی پیاو ســـالاری لەخێزاندا وا لەدایـــك دەکات کە پشـــتگیری بۆچوونـــی رەگەزی نێر بکات لەخێزاندا تا بەکەســـێك دابنرێت کە بە تەواوی مانا



ئا: ناسك سەعید - سلێمانی

# ـــه هەمان شێوەی پیاوان،
# ـــرن دژ بە کچەکانیان

هەوڵیداوە کێشـــەی کچەکان چارەســـەر بکات، بەردەوام سانســـۆری دەخاتە سەر ئەمەش وا لە رەگەزی نێر دەکات کە بەردەوام بە گژیدا بچێتەوە و توندوتیژی بەهەرشێوەیەك بێت بەرامبەری پەیڕەوبکات.

ئەگەرچـــی توندوتیـــژی وەك دیـــاردە بەردەوامی هەیە لەسەرهەڵدان و کزبوون یاخود نەمانیدا، جۆری بیرکردنەوەی تاك بەشـــێوەیەکی بەرچاو ئەودیاردەیە دەگۆڕێت، رێژەکە لەکەســـێکەوە بۆکەسێکی دی جیاوازە لەم حاڵەتەدا ئاستی رۆشنبیری و جۆری توندوتیژییەکە جیادەکاتەوە، لەم رووەوە **مامۆستا (بەرزان ساڵح) دەڵێت:**

دەکرێـــت جیـــاکاری یاخود جیـــاوازی بکرێـــت لەنێوان دایکەکاندا، هەموو دایکێك بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری سۆزو خۆشەویستییە بەرامبەر بە منداڵەکانی ئەگەر لەهەر رەگەزێك بێت، بەڵام ئاستی رۆشنبیری دایك زۆر گرنگە چونکە هەر دایکێك ئاســـتی رۆشـــنبیری بەرزبێت وەك هـــاوڕێ مامەڵە لەگەڵ کچەکەیدا دەکات ئەگەر دایکێك ئاستی رۆشنبیری نزم بێت ئەوا پێچەوانەکەی روودەدات، هەروەهـــا زۆر جار دایك کاریگەری پـــەروەردەی خێزانی خۆی لەسەرە، واتە پێش چوونە ناو ژیانی هاوسەرێتییەوە چۆن پەروەردە کراوە، یاخود دابونەریتی ژیانی کوردەواری



ئەو ترسەی لای دایك دروست كردووە كە گومان لەهەموو هەڵسوكەوتێكی كچەكەی بكات و زۆر بە ترسەوە چاودێری بكات، بێگومان دەسەڵاتی باوكسالاری كاریگەری زۆری هەیە لەسەر خێزان بەڵام باوكیش بە هەمان شێوەی دایك شێوازی مامەڵەكردنی لەخێزاندا پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیرییەوە، بە بۆچوونی من ئەو جۆرە توندوتیژیانەی بەرامبەر بەئافرەت دەكرێت بە زۆری لەخێزانە داخراوەكاندا روودەدات، ئەو خێزانانەی لەرووی كۆمەڵایەتییەوە دواكەوتوون باوەڕیان بە گۆڕان و مافی تاك نییە، هەروەها دواكەوتوویی كۆمەڵگاش كاریگەری خۆی دەبێت لەم رووەوە.

هۆكارەكان زۆرن بۆسەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە، لەم تەوەرەیەدا مەبەست لە بوونی ئەو ترسەیە كە زۆرترین پانتایی عەقڵی كۆمەڵگەی كوردی داگیر كردووە، هەندێ جاریش دایكان لەژێر گوشاری پیاوەكانیان و ترس لەقسەی دەوروبەر خۆیان بكەری ئەوكارەن بەرانبەر بەكچەكانیان لەم بارەیەوە

**خاتوو (شیلانە عەبدولقادر) دەڵێت:**

لەزۆربەی خێزانەكاندا بەهەمان شێوەی پیاوان، دایكانیش لایەنێكی ترن دژ بە كچەكانیان، كە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند فاكتەرێك، یەكێك لەوانە بوونی كاریگەری بیروباوەڕی ناهۆشیاری كۆمەڵگەو ترسی پیاوەكانیانە، چونكە كۆمەڵگەی كوردی تا ئێستا بەرادەیەكی پێویست رێگە نادات كە سەربەست بن لە رەفتارەكانیان، ئەگەر بێت و كچان توشی كێشەیەك بن ئەوا دایكانیش لەگەڵ كچەكانیاندا رووبەرووی هەمان كێشە دەبنەوە و وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرێت پێدەچێت لەسەر ئەو كێشەیەش دایكان توشی كێشەی قورستریش ببنەوە لەگەڵ مێردەكانیاندا كە تا دەگاتە رادەی جیابوونەوە.

دایك دەتوانێت وەك هاوڕێیەك هەڵسوكەوت لەگەڵ كچەكە بكات، لەهەموو گرفتێكدا گفتوگۆی لەگەڵ بكات بۆ ئەوەی كەمتر تووشی كێشە ببێ بەڵام زۆرجار دەبینین دایكان زیاتر بیركردنەوەیان هەڵەیەوە باوكانیش بەرەو ئەو بۆچوونە هەڵەیە دەبەن، لەهەموو كارو رەفتارێكدا چاودێریەكی نادروستیان دەكەن و ناتوانن لەسەرەتاوە بەپێی بەرنامەیەكی سەركەوتوو پەروەردەیان بكەن لەكاتی گەورەبوونیشدا بێگومان دەبێت توندوتیژی لەگەڵدا بەكاربهێنن بۆئەوەی ئەو مەبەستەی كە خۆیان دەیانەوێت بیانهێننەدی.

**لەسەر هەمان تەوەر (محەمەد قەرەداخی) نووسەر دەڵێت:**

توندوتیژی وەك دیاردەیەك كە بەرەنجامی ململانێی نێوان مرۆڤە لەسەر پێگەو دەسەڵات، بەمەبەستی گەیشتن بەخواست وئامانجەكانی بەشێوەیەكی نادروست، ئەمە زۆرجار لەنێوان دوو تاكی خێزانێكیشدا سەر هەڵدەدات.

ئەم دیاردەیە بەشێوەیەكی بەرچاو لەكۆمەڵگەی ئێمەدا دەردەكەوێت، بەتایبەت لەنێوان رەگەزی نێرو مێدا. ململانێی نیوان ئەم دوو رەگەزە بەشێوەیەكی نادروست وایكردووە دەكرێت وەك دیاردەیەكی بۆماوەییش ئەژمار بكرێت چونكە ئەو ئافرەتەی كەلەخێزانێكدا دەبێت بەدایك بێشك هەر لەسەرەتای منداڵییەوە تا قۆناغی گەورەبوون و پێكهێنانی ژیانی هاوسەریش بێبەش نییە لە توندووتیژی كە بەرەنجامی عەقڵی تاك و كۆمەڵگەیە. ئەم توندووتیژیە لە ژینگەیەكەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ژینگەیەكی تر كە ئەم جارە لەسایەی (نێر) مێردەكەیدا سەرهەڵدەدات هەربۆیە دایك ئەم چەمكە لەناخیدا چەكەرەی كردووە گەر وەك كاردانەوەیەكیش بێت، لەبەرئەوەی لەسەرەتادا لەماڵی باوك ودواتر ماڵی مێردەكەی توندوتیژی بەرانبەر دەكرێت، ئەگەرچی دایك بەبەزەییترین بوونەوەری ئەم كەونەیە بەتایبەت بەرانبەر بەمنداڵەكانی خۆی، بەڵام لەئەنجامی توندوتیژی زۆر و ئەوگوشارانەی دەكەوێتە سەری، ئەویش توندوتیژی بەكاردێنێت. مەرج نییە تەنیا هەر بەرامبەر بەرەگەزی مێ بێت بەڵكو زۆرجار بەرامبەر بە كوڕ یاخود هاوسەرەكەشی ئەم هەستەی لا دروست دەبێت، بەڵام تواناكەی هێندە زۆر نیە وەك لەسەر كچ هەیەتی.

هەندیك جاریش توندوتیژییەكە لەئەنجامی ناعەدالەتی دایك وباوك لەسەرمنداڵەكانی بەتایبەت كچ دروست دەبێت، كاتێك كە باوكەكە دەچێتە دەرەوە، دایك خۆی دەبێتە ئەوكارەكتەرە لەسەر كچەكە.

**دواتر كۆمەڵناس بڕیار نەجمەدین دەڵێت:**

ئەو دایكانەی توندوتیژی بەسەر كچەكانیاندا پراكتیزە دەكەن، بەوە دەناسرێن كەسایەتییەكی لاواز و ناكامڵیان هەیە، دەركەوتووە زۆربەی ئەو دایكانە لەلایەن دایكی خۆیانەوە رووبەڕووی توندووتیژی بوونەتەوە، لەكاتێكدا لەمنداڵیدا توندووتیژیان لەگەڵدا كراوە ئەمەش لە نەستی ئەو دایكەدا ماوەتەوە لەدواییدا بەپێی ئەو حاڵەتانەی كە رووبەرووی دەبێتەوە توندوتیژی لەگەڵ كچەكەی بەكاردەهێنێت.

رێكدەكەوێت دایك لەگەڵ كچەكانیدا بۆچوونیان یەك نەبێت و لەململانێیەكی قورسدا بن بەڵام لەم حاڵەتەدا تەنها دایكەكە دەتوانێت زاڵ بێت بەسەر بۆچوونی كچەكانیدا چونكە لەم خێزانانەدا رەگەزی نێر، باوك بێ یاخود برا پشتگیری لە دایكیان دەكەن نەكە لەكچەكان، بۆیە هەمیشە لەم جۆرە خێزانانە توندوتیژی زۆر بەدی دەكرێت.

دایك چاودێری كچەكانی دەكات و رێگەیان پێنادات كە ئازادیەكی رەهایان لەلایەن خێزانەكەیانەوە پێبدرێت بێگومان لەهەموو خێزانێكیشدا بەم چەشنە نیە بەڵام دەتوانین بڵێین كە زۆرینە لەم جۆرەن.

ئەوەی گرنگە كە دایك بەرامبەر بەكچەكانی بیكات ئەوەیە دەبێت ئاگاداری ئەو بارە كۆمەڵایەتییە بێت كە خێزانەكەی و دواتریش كچەكانی هەیانە هەریەك لەئێمە خاوەن كەسایەتییەكین بۆیە ئەركی دایك و باوك و بەتایبەتیش دایك ئاگاداری پاراستنی ئەو پێگە كۆمەڵایەتییە بێویستە وەك هاوڕێیەك رەفتار بكات نەك لەبری چارەسەری كێشەكان توندوتیژی جەستەیی و دەروونی لەبەرامبەریان بەكاربهێنێت.

**لە ئەنجامی توندوتیژی زۆر و ئەو گوشارەی دەكەوێتە سەر دایك، ئەویش توندوتیژی بەكاردێنێت**

**كۆمەڵناسێك: ئەو دایكانەی توندوتیژی دەرهەق بە كچەكانیان پراكتیزە دەكەن خاوەن كەسایەتی لاواز و ناكامڵن، پێشتریش لەلایەن دایكیانەوە رووبەرووی ئەو حاڵەتە بوونەتەوە**

**توندوتیژی بەرانبەر ئافرەت بە زۆری لە خێزانە داخراوەكاندا روودەدات**